# لە هونەر و ئەدەبدا سایکۆلۆژیا ئافرێنەری هەرتشت، تشتەک لەوانەش شێوەکاریی لەلای مەدحەت کاکەیی

خەلیل سەلیم
زانستگەی سۆران

**پوختە:**
لەم وتارەدا، بەشێوەیەکی کورت، لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیاوە، تیشک خراوەتە سەر هونەری شێوەکاریی، کە دەکرێت لە هەر بەرهەمێکی هونەریی ڕەهەندی سایکۆلۆژیی ببیندرێت. لەدوای ئەمەشدا، کارەکانی هونەرمەندی شێوەکار «مەدحەت کاکەیی» وەک نمونەی ئەم بارە دەروونیانە خراونەتە ڕوو، کە دەکرێت بگوترێت: مەدحەت کاکەیی، هونەرمەندی سەردەمەکەی خۆیەتی و لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە بووەتە نیشاندەری ئەو شتانەی، کە لەسەردەمەکەی ئەودا ڕوودەدەن، هەروا ئەوە خراوەتە ڕوو، کە حاڵەتی سۆزداریی بۆ کەسی ئەدیب و هونەرمەند، دۆخێکی گونجاوە، تا بەرهەمێکی گەورەی پێ بافرێنێت.

## سایکۆلۆژیای شێوەکاریی لەلای مەدحەت کاکەیی:

کاتێک سیگمۆند فرۆید ( Sigmund Freud ١٨٥٦ -١٩٣٩) لەهەمبەر تابلۆیەکانی سیلڤادۆر دالی (Salvador Dali ١٩٠٤ -١٩٨٩) دەوەستێت، تێدەگات، کە هێڵ، ڕەنگ و فلچەلێدان لە ئافراندنی تابلۆیەک، چەندە سیمبولی دەروونیی لەخۆ دەگرێت. هەروا ئەم کردەیەی، کە تابلۆیەک پێی دێتە بوون، هەروا لەخۆوە و سادە نییە، بەڵکو دەکرێت چەندین ڕەهەندی سایکۆلۆژییش لەخۆ بگرێت، بۆیە بۆ زانستی دەروونزانیی؛ تابلۆ، وەک کردەی شێوەکار، ئەو/فرۆید بە بابەتی هەرە گرینگی دەزانێت/دادەنێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکرێت. فرۆید شێوەکاریی وەک هەر کارێکی تری ئەدەبیی و هونەریی، بە میکانیزمی خۆبەتاڵکردنەوەی فشارە دەروونییە ناوەکییەکان لەقەڵەم دەدات و پێی وایە؛ کاتێک مرۆڤ لەهەمبەری کردەیەکی جڤاکیی، یاخود خودیی دەستەوەستان دەمێنێتەوە، لە نائاگاییدا کۆگەی دەکات و پاشان بەهۆی پرۆسەی لکاندنەوە Projection لە چالاکییەکی تردا و بە شێوەیەکی تر وێنای دەکاتەوە، تا لە ڕێگەی ئەم چالاکییەوە پاڵەوانیەتیی خۆی بەسەر ئەو هەستە خۆبەکەمبینییەی پێشووتر هەیبووە و نەیتوانییوە سەرکەوتوو بێت؛ تێیدا قەرەبوو بکاتەوە. فرۆید پێی وایە، کە هەر تابلۆیەکی شێوەکاریی، هەڵگری چەندین دیالۆگ و ئارگیۆمێنتە، لەوەی کە نەیتوانیوە بیکات، یاخود بیڵێت. هەروا پێشی وایە، کە هەر کاتێک کەسێکیش لە هەمبەری تابلۆیەک ڕادەوەستێ، لێمڕبوونەوە و سەرەنجدانی کەسەکە بۆ تابلۆیەکە، گفتوگۆیەکی مەنەلۆکیی دێتە گۆڕێ و بەو هۆیەوە کۆمەڵێک گرێکوێرەی ناخی پێوە دەکاتەوە (حەمەد، ساڵ نییە: ٢٧٤). چوارچێوە و شێوە، هەروا مورەکەب و فلچەلێدان، کە هەموویان دەبنە هۆی درووستکردنی وێنەیەک، ئەوا ئەم وێنەیە لەنێوان کردەی ئافرێنەر و وەستانی بینەر، ئۆبژێکتیڤیەتی سایکۆلۆژیی خۆی وێنا دەکات. ئەم شێوازە گەورە و کاریگەرەی شێوە و مورەکەب، کە زانایانی بواری دەروونزانیی بە گەورە و کاریگەری دەبینن، بووەتە هۆی ئەوەی، کە زانایەکی سویسریی بەناوی هێرمان ڕۆڕشاخ (Hermann Rorschach ١٨٨٤-١٩٢٢) لەو ڕێگەیەوە هەوڵی چارەسەرکاریی دەروونیی بدات. حەقیقەتی سایکۆلۆژیا پێی وایە، کە لە هەموو کات و سەردەمێکدا، هونەرمەند زمانحاڵ و پێشاندەری سەردەمەکەی خۆیەتی، جا بۆ ئەوەی لە هونەرمەند وەک مرۆڤ تێبگەین و بە پێکهاتە دەروونیەکەی ئاشنا ببین، دەبێت بەشێوەیەکی بەشەکیی لە کارەکانی ڕابمێنین و تێی بگەین، چونکە هونەرمەند بەشێوەیەکی نائاگایی، یاخود بە شێوەی هەستیی، هەڵدەستێ بە ئافراندنی بەرهەمێک، کە ڕەنگدانەوەی شێوەی سروشت و بەهایەک بێت بۆ سەردەمەکەی خۆی، واتا ئەو دیاردانەی، کە لەسەردەمەکەی ئەودا دەردەکەون، پێشاندەدات. (یۆنگ، ٢٠٠٥: ٣٦٥). جا مادامێک کەسی هونەرمەند، یاخود شێوەکار، زمانحاڵی سەردەمەکەی خۆی بێت، گەرەکە بەهەمان تێڕامان لە کارەکانی مەدحەت کاکەییش بڕوانین و لەوە ڕابمێنین، کە ئاخۆ بۆچی لە کارەکای ئەم هونەرمەندەدا،

بە زۆریی دووکەڵ، وێرانەیی گوند و دێهات، ڕووخساری مرومۆچی مرۆڤەکان ... تاد دەبیندرێت؟ ئەریٚ گەلۆ بۆچی لەجیاتی وێرانبوونی گوند، شارە ڕەنگین و بە بریقەکان وێنا ناکات، یاخود بۆچی لەجیاتی ڕووخساری کچێکی کورد، کە مرومۆچ و غەمگینە، ڕووخسارێک وێنا ناکات، کە بە تێڕامانی مرۆڤ، دەنگی تریقەی پێکەنینی گویٚ لێبێت؟ ئەوە ئاشکرایە، کە ئەو کۆمەڵگەیە و ئەو نەتەوەیەی، کە کاکەیی تێیدا ژیاوە (باشووری کوردستان)، هەردەم کەوتووەتە نێوان ئاگر و مەرگەوە. مرۆڤەکان لەنێوان بێڕەحمییەکانی جەنگ دەکوژرێن، هەمیشە منداڵ، ژن، پیر و پەککەوتە ... تاد ئەوانەی، کە هیچ پێوەندییان بە جەنگەوە نییە دەکوژرێن. لەم شوێنەی کاکەییدا، جەنگ ڕەنگەکانی جوانیی دەکوژێت و گوند بەسیما سروشتیی و جوانییەکەیەوە لەناو دووکەڵی ڕەشی جەنگدا دەخنکێت، ئەم دیمەنانە بۆ هونەرمەند، بوێژ، شێوەکار ... تاد دەبێتە بابەت، تا لەڕێگەی بەرهەمەکانی خۆیەوە دووبارە پێشانبداتەوە، چونکە لە هەمبەری ئەم دۆخەدا دەکەوێتە سۆزدارییەوە. هەڵبەت سۆزداریی پارچە کردارێکی دەروونیی و جەستەییە، لە دەرەنجامی وروژێنەرە ناڤەکیی و دەرەکییەکانی مرۆڤە لە هەمبەری بویەرگەلێک، کە هەستێکی خۆش، ئانکو ناخۆش هەست پێدەکەین، دەردەکەوێت. هەروا دەکرێت بێژین سۆزداریی دۆخێکی هەڵچوونە لە مرۆڤدا، کە پاڵنەرەکانی وەک خواست و خۆزییی لە ناخیدا لە سەروبەندی خرۆشان دابن، بەجۆرێک لە چاوەڕوانییدا پەنگیان خواردبێتەوە، کە لە چاوەڕێی ئەوەدابن، کە بە ڕەفتارێکی هەژیی وێنای بکاتەوە (قەزاز، ٢٠١٠: ٦٠). بۆیە دەکرێت کارەکانی مەدحەت کاکەییش، وەک دۆخێکی سۆزداریی، لە هەمبەری ئەم وێرانکارییانەی، کە بەسەر خودی خۆی و گەلەکەی هاتوون، لەناخیدا پەنگدرابنەوە و ڕەفتاری گونجاوی ئەویش لەهەمبەر ئەم دۆخەدا، ئافراندنی تابلۆ بێت. هەروا ئەم دیمەنانە وای لێکردبێت، کە لە خەیاڵی دروستکردن و ئافراندنی تابلۆدا، بەرهەمێکی پڕ جوان و بەنرخ بافرێنێت. مرۆڤ کاتێک لە هەمبەر دۆخێکی نەخوازراودا دەوەستێت و دەسەڵاتی ئەوەی نییە ئەم دۆخە نەخوازراوە چارەسەر بکات، بە شێوەیەکی خۆکرد، دەکەوێتە دۆخی هەڵچوونی دەروونییەوە؛ ئەم دۆخە هەڵچوونەش دەکرێت بە ڕەفتارێک کەمێک هێور ببێتەوە. بۆیە دەکرێت بێژین کاتێک کاکەیی لەهەمبەر ئەم دۆخە نەخوازراوانە دەوەستێت، بۆ هێوربوونەوەی خۆی ڕەنگ و فلچە بەکار دێنێت.

**ئەنجام:**

لەم نووسینەدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێهەڵاوێرد دەکرێت:

١- شێوەکاریی، تەنێ بابەتێکی هونەریی، ڕەنگ، ماتریال ... تاد نییە، بەڵکو ئەوەی لە کردەی وێنەکێشانەکەدایە، ڕەنگبێت ئەوەندەی کارەکە گرینگ بێت، چونکە دیوە سایکۆلۆژیەکەی شێوەکردنی تابلۆیەک، دەکرێت تەژی بێت لە دۆخی جۆراوجۆریی مرۆڤ.

٢- هونەرمەند، دەبێت زمانحاڵی سەردەمەکەی خۆی بێت، بۆیە دەکرێت لە تەماشاکردنی تابلۆیەکانی کاکەییشدا ئەمە تێبینی بکرێت.

٣- مەدحەت کاکەیی، وەک هونەرمەندێکی شێوەکار، دۆخە سۆزدارییە پەنگخواردووەکانی ناخی لە شێوەی تابلۆ، بەرهەمی خۆی ئافراندووە.

ژێدەرەکان:


١. قەزاز، ئازاد (٢٠١٠). کەسێتی ململانێی دەروونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

٢. حەمەد، یوسف عوسمان (ساڵ نییە). چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفێستی تیشک.

٣. یۆنگ، کارڵ گۆستاف (٢٠٠٥). مرۆڤ و هێماکانی، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.